# بەیینامەی کۆنگرەی ئازادی عیراق دەربارەی تیرۆری عەبدول حوسەین سەددام.

کاتژمیر سێی بەرەبەیانی رۆژی **2007/7/4** هیزە تاوانکار و تیرۆریستیێەکانی ئەمریکا بەدوای تەقەکردن و برینداركردنی هاوری عەبدول حوسەین سەدام بەرپرسی هیزی ئەمانی کۆنگرەی ئازادی عیراق وکچەکەی لەبەرماڵەکەیاندا، لەگەرەکی "حەی ئەتیبا"، لەشاری بەغدا، بەبرینداری دەیفرینن وبیسەروشوینی دەکەن وپاش دووڕۆژی تر جەستەی تیرۆرکراوی لە خەستەخانەی توب عەدل لەگەرەکی یەرموك دادەنین. ئەم کردەوە تیرۆریستیێە لەلایەن هیزە کانی ئەمریکاو باندە ئینسان کوژەکانی حەرەسی نیشتمانی عیراقیێەوە ئەنجامدراوە.

عەبدول حوسەین سەددام لەسالی **1957** لەشاری بەسرا و لەخیزانیکی ئازادیخواز هاتوتە دنیاوە. لەسالی **1997**دا و لەئەنجامی رەخنەکانی ئەو لەرژیمی بەعس لەلایەن مەکەزی موخابەراتی ئەم شارەوە دەگیری و بۆ ماوەی 2 سال دەخریتە زیندانەوە. سالی **2007** بەهیزەکانی ئەمانەوە پەیوەست دەبیت. و پاشان دەبیتە ئەندامی دەستیاری شورای مەرکەزی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەمانگی حوزەیرانی هەمان سالدا.

عەبدول حوسەین بەئازایەتی و جەسارەت دەناسریتەوە. ئەو کەسایەتیێەکی خوشەویست و کۆمەلایەتی وناسراوی ناوچە جیاجیاکانی شاری بەغداو بەسرابووە. بەتایبەتیش ئەو وەك رابەریکی هیزی ئەمان دەناسرا و چەندین مناوەرەی سەربازی لەگەرەکەکانی شاری بەغدا بەمەبەستی پاراستی ئەمنیەت و ژیانی خەلکی مەدەنی، سازداوە. تەنانەت چەندین جار بۆدیفاع لەخەلکی مەدەنی لەگەل دەستەوتاقمی چەکداری تیرۆریست بەشەر هاتبووە. لەو ماوەیەدا کە عەبدول حوسەین ریبەری هیزی ئەمانی پێ سپیردرابوو، کۆنگرەی ئازادی عیراق توانیبووی لە زۆر شوین و گەرەکی شاری بەغدا، خەلکی لەشەری تایەفەگەری و دەست دریژی باندە دزو ئیسان کوژەکان دوربخاتەوە و تەنانەت هیزەکانی ئەمریکاش نەتوانن سەر بەوشوینانەدابکەن. شیعاری ئەو شیعاری" نا بۆشیعی نابۆ سوننی بەلێ بۆهەویەی ئیسانی" بوو. کە خودی ئەم شیعارە ئەمریکاو حکومەتی مالیکی هەراسان کردبوو.

ئاشکرایە کە هاتنی هیزەکانی ئەمریکا بۆعیراق و داگیرکردنی نەك تەنها بۆ دزینی خیروبیری کۆمەلگایە بەلکو بریاری داوە کە مانەوەی خوی لەسەر ئیسك و پروسکی خەلکی عیراق رابگرێ. ئەمەیە ئەو دیموکراسیەی کە ئەمریکا بۆخەلکی هیناوە. کەبەهۆیەوە عیراق بووە بەجەهەنەمیك بۆخەلکەکەی و یاسای دارستانی تیدا بەریوە دەچیت... ئەمریکا کە ناتوانی تەحمولی دروشمی ئازادی خوازی و ئینسانیەت بکات بۆیە پەلاماری کۆنگرەی ئازادی عیراقی داوە وبەردەوام لەهەولدایە ئەندامان و هەلسوراوانی بگری و تیرۆریان بکات.

کۆنگرەی ئازادی عیراق لەبەرامبەر ئەم تاوانانەدا بیدەنگ نابی . کۆنگرە ویرای ئەوەی تاوانی تیرۆری عەبدول حوسەین سەددام ئیدانەو مەحکوم دەکات هەرگیز ئەم کردەوە تیرۆریستی و تاوانکاریە هاوباشانەی نیوان هیزەکانی ئەمریکا و حکومەتی مالیکی نابیتە مایەیی چوك دادانی خەلکی عیراق و لایەنگرانی کۆنگرەی ئازادی لەبەردەم ئیحتلال و سیاسەتەکانیدا، بگرە زۆرتر هاندەریك دەبیت بۆتوندکردنەوەی خەباتی لیبراوانە لەپیناو رزگار کردنی کۆمەلگای عیراق لە چنگ داگیرکاری و دەسەلاتی چەپەلی دەستەو تاقمی ئینسان کوژی لایەنگر بە ئەمریکا. ئەوان جەستەی عەبدول حسینیان تیرۆرکردەوە، بەلام هەرگیز ناتوان ویژدانی ئازادیخوازانەو خەباتکارانەی کۆنگرەی ئازادی عیراق و خەلکی بنەبربکەن. ریبازی عەبدول حسین و هەزاران خەلکی ئازادی خواز سەرەنجام درەنگ یان زوو، کۆتایی بەجەنگ و داگیرکاری دینی و کۆمەلگایەکی ئینسانی و سکولار و خوشەبەخت لەعیراقدا دادەمەزرینی.

بژی عەبدولحسین سەددام

بروخی داگیرکەران ودەست و پیوەندەکانی

**کۆنگرەی ئازادی عیراق**

**2007/7/5**